بە ناوی کوردستانی گەورە !

# سەمفۆنی هەتاو
# (تابۆ موززیکال)

2003/7/25

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

خاتـو هـەتاو ! کانگـەی وزە و تەوژم و تاو ، میترای (1) خودای کۆنی زەمان، قیبلەی پێشوی خەڵکی میسـر و کەلدە و مانا (2) ، ئەی هێلینی (3) شەنگی یۆنان، ڕووناکی زەردەشتی کورد و ئێتیۆپیای (4) لەمێـژی دەوران، شـەپۆلـی کـانی بـێ وچـانی گۆمـی نـوور، چرای هەڵگیرساوی نزیک، گۆی کەهکەشـانی ڕێی دوور و ئاسمانی پانی بێ سنوور، هەڵسووڕێنی مانگ و زەوی، بەدیهێنی چرتە و سات و ڕۆژ و شەوی . سڵاو لە تۆ، دادە هەتاو.

خاتـو هەتاو ! من تۆزێکی نێوان تیری تیشکی خۆری داکشاوم، هێند چکۆلەم، لە لزگەی بوونی گەردوونا نـیە ناوم، تۆ شا کیژی پرشنگداری ئاسمانی، گەورە کچی بنەماڵەی کاکەشانی، تۆ لە زەمان لەمێژتری، زەمانە منداڵی تۆیە، هەر چی هێزە، لە تۆ کۆیە.

دادە هـەتاو ! بـە مەقەستی تیژی زانین، بە هێزی پێزی تێگەین، پەردەی عادەتی نەزانی و خەدەی جەهل و نائاگایی ئەدڕێنم، دەچم کوڵێ وشەی ڕەسەن، لە قامووسی کوردی دێنم، بۆ سەنفۆنی دادە هەتاو، نۆتی مێلۆدی ئەنووسم، هەست ئەچێنم، ئامێری زانست ئەژێنم، کاتێ پەردەی هەڵەی عادەت بەو مەقەستە دڕا و بڕا، کەوای زانست بەبەر بڕا، جیهان وەک تۆ ڕووناک ئەبێ، ڕەبەن و ڕوون و پاک ئەبێ.

خاتـو هـەتاو ! گـەر تۆ نەبی، ئەم جیهانە گەورە و زاڵە، ڕەنگی لێڵ و ڕەش و تاڵە، مەرگەساتی قەڕن و سالـە، وسـکووتێکی بێ سنوورە و تەواوی هۆزی ژینەوەر، کەڕ و کوێر و و ست و لاڵە ؛ بۆ داروگیا بوون محاڵە ؛ لەسەر زەوی، لە نێو زەریا و بەرزی و نەوی، هەنگوینی قاڵ، ژاری تاڵە ؛ ڕەز ئەبێتە گوڵی ژاڵە.

خاتـو هـەتاو! قەڕاڵـی زەلـزەلە و لافـاو، بەدیهێنی بزەی ڕۆژینی خۆرەتاو، دژی نسێ و شەوەزەنگ و ئەنگوستەچاو (5) ، ڕوونکەرەوەی دەم بەیانی پاشەمەرگەی تاریکانی شەوی شێواو.

دادە هـەتاو ! وێنەگەر و خولقێنەری شەمامەی کۆلکە زێڕینە، مێعماری کۆڵەکەی زێڕین، شانەی کەزیەی گوڵـەباخ و هێـرۆ و نەسـرین ؛ ئاودێری باغچەی ڕوومەتی ئەوین و ژین . بەیانیت باش دادە هەتاو، ئەی سەرچاوەی هەور و مژ و باران و ئاو.

دادە هـەتاو! بارێـنـەری تـەرزەی بەتاو، ڕازێنەری تارای بووکی دارو چیا و مێرگ و هەوار، کاتی بەهار ؛ کـوورەی سـەبوونی پڕ تینی وەرزی هاوین، لە سارای چۆڵ و وشک و هین ؛ قەمچی لەشی گەڵارێزان، بۆ دارەکـان، کـاتی خـەزان ؛ ئـەی سـەرۆکی سـوپای زستان، فەرماندەی پێشمەرگەی شەختە و ڕێبەندان و سەهۆڵبەندان، هەتاوی جوان، خۆشەویستی مامە سۆران.

دادەهەتاو ! ئەی دایکی ناهید (6) و پەروین (7) ، شیرین کەیبانوی خوێن شیرین، دەستە خوشکی گەلاوێژ (8) و دایـە گـەورەی مانگـی زێـوین، ئۆقیانووسی گەورەی تیشک و خولقێنەری ڕەشماڵی ساوی مەیلەو شین، ئەی هەمو شت، خۆری بەتین.

دادە هـەتاو ! تـۆ نەبوایەی ئادەم نەبو ، حەووا نەبو ، مووسا نەبو ، عیسا نەبو ، منیش نەبووم، ئەویش نەبو ، هێچ کەسێک لە دنیا نەبو - ئەگەر کەسە، خوشکە هەتاو، پیتێ بەسە.

دادە هـەتاو ! تیشکی بەتاو، نەیکەی بەقاو، کەس نەی وێرا بڵێ خودای، ڕاستیەکی ڕوون و گەش و تاق و جودای ...

پرسیار :

خاتـو هـەتاو ! خـاوەنی تـاو ! لــە ناوچــەی دو قوتبی زەوی ، شەش مانگ شەوە و شەش مانگ خۆرە ، کوردستان قوتبی چەندەمە ، دایم هەوا کش و مات و رەش و بۆرە ؟ دادە هەتاو !!!؟؟؟

مانای بڕێک لە وشەکان :

(1) - میترا = خودای خۆر.

(2) -مانــا = هۆزێکی کورد بوون ، ئایینی مانایيان بوە و ناوەندی دەستەڵات یان ، لە قەڵای زێویە ، لە کن سەقز بوە.

(3) - هێلێن = هەتاو = یۆنانی.

(4) - ئێتیۆپیا = مەدینەی فازلە.

(5) - ئەنگوستە چاو = کاتی زۆر تاریک ، کە بە دەستە کوتێ دەڕۆین و لە جێی چاو ، کەڵک لە قامک وەردەگرین.

(6) ناهید = سەییارەی ناهید.

(7) پەروین = سەییارەی پەروین.

(8) گەلاوێژ = هەتاو (شەمس) ی گەلاوێژ ، کە لفەودوانەن.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org